www.kurdistannet.org
15-2-2007 22:14 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەیاننامەی كۆمەڵێک رۆژنامەنووسی گەرمیان بۆ رای گشتی سەبارەت بە فەسڵكردنی پەیامنێری رۆژنامەی (خوێندنی لیبراڵ) لە پەیمانگای تەكنیكی كەلار

بەرێزان. . .

بەبڕیارێكی پەیمانگای تەكنیكی كەلار، (رابەر كەریم) خوێندكاری ئەو پەیمانگایە كە هاوپیشەیەكمانە و پەیامنێری رۆژنامەی خوێندنی لیبراڵە لە كەلار و پەیمانگاكە بەتایبەتی، بۆماوەی (25) رۆژ فەسڵكراوە، پاش ئەوەی چەندین كاری رۆژنامەوانیی لەسەر پەیمانگاكە و گرفتەكانی ئەنجامدا.

بەرێزان. . ئێمە وایدەبینین كە بڕیارەكە مەرامێكی لەپشتە و بەتەنها ئیجرائاتێكی ئیداریی نییە لەگەڵ خوێندكارێكدا، بەڵكو تۆڵەكردنەوەیە لەو رۆژنامەنووسە سەبارەت بەخستنەرووی هەقیقەتی رووداوەكانی ئەو ماوەیەی پەیمانگای ناوبراو، كەبەداخەوە راگرایەتییەكەی بەهەرشكڵێك بێت گەرەكیانە دایپۆشن. ناكرێت راگرایەتی پەیمانگا بەفەسڵكردن بەرپەرچی راپۆرتێكی رۆژنامەوانی بداتەوە كەكەسێك وەك رۆژنامەنووس نەك خوێندكار پێی هەستاوە و بەشێوەیەكی بابەتییانە خستوویەتییە روو، هەروەك دەكرا راگرایەتی بەشێوەیەكی سەردەمیانە مامەڵەی بكردایە و وەڵامی ئەو رۆژنامەیەی بدایەتەوە و یان گەر زیاتریش دەیتوانی سكاڵا لە دادگا لە دژیان تۆمار بكات. لەلایەكی ترەوە ناكرێت ڕاگرایەتی پەیمانگاكە رقوكینەیان بەرامبەر بە دەرختستی هەموو كێشە رەگقووڵەكانیان كەلەلایەن رۆژنامەكانەوە ئاشكراكران، بەو رۆژنامەنووسە كەخوێندكاری بەردەستیانە، بڕێژن.

ئێمە وەكو ژمارەیەك رۆژنامەنووسی گەرمیان، بە درك كردنمان بەخەتەری ئەم هەنگاوە بۆسەر هەریەكێكمان و دوبارەكردنەوەی بەرامبەرمان لەلایەن دەسەڵاتە جیاجیاكانەوە لەكات و شوێنی تردا، بەتوندی ئەو بڕیارە مەحكوم دەكەین و پێمان وایە ئەو بڕیارە پێشێلكردنێكی روونی ئازادی رادەربڕین و خراپ بەكارهێنانی دەسەڵاتە و ناكرێت وەك زۆر بڕیاری تر بەسەر دامودەزگا پەیوەندیدارەكانی حكومەتدا تێپەڕێت.

بڵاوكردنەوەی ئەم بەیاننامەیەمان لەكاتێكدایە كەكێشەكانی پەیمانگای تەكنیكی كەلار بەرادەیەك تەشەنەی كردووە كەهاتۆتە ئاستی شەڕی كەسێتی و عەشایەریی، لەبەرامبەریشدا وەك " نەبای دیبێ و نەباران" وەزارەتی خوێندنی باڵا و دەزگاكانی سەر بەو بێ دۆزینەوەی چارەسەری یەكجاریی دانیشتوون.

بەئیمزای

(محەمەد حوسێن – جەزا محەمەد – عەدنان سەید حوسێن _ئازاد عوسمان _ سالار مەحمود_كاروان یارویس _مەلا تەحسین گەرمیانی_سامان كەریم_ فاتیح سەلام_ ئارام ئیكرام – بێستوون ژاڵەیی_ بڕیار محەمەد –- سەباح عەلی جاف – دڵشاد ئەنوەر – رامیار عەبدولرەحمان– ئەركان محەمەد رەشید -گەرمیان حەمەخان – محەمەد عەلی وەلی – ساڵەح میروەیس - عەباس ئەنوەر – بیلال سەعید_شاهۆ تەها)

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.